ج- ئەگەر پێشتر کەسی سکاڵاکار راوێژی پێکردبێت دەربارەی دۆخی ئەو نەخۆشییەی بابەتی سکاڵایە.

د- ئەگەر هەر پەیوەندییێکی دیکە هەبێت ببێتە هاودژی لە بەرژەوەندیی لایەنەکان یان ببێتە مایەی گومانبردن لە بنەمای بێلایەنی.

**دووەم:** حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە پیادە دەکرێت بەسەر هەر کەسێك لیژنە پشتی پێببەستێت بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی یان ڕاوێژپێکردنی.

**ماددەی (٧):**

لیژنەی لێکۆڵینەوە لەپێناو بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی دەتوانێت ئەمانەی خوارەوە بگرێتەبەر:

**یەکەم:** بەدەستهێنانی گشت داتای تایبەت بە سکاڵاکار لە نێوانیشیاندا پشکنین و تێستەکان و داودەرمان و چارەسەری ڕاسپاردەکراو لەلایەن پزیشکی چارەسەکار و فایلی نەخۆش لە حاڵەتی خەواندنی لە دامەزراوەی تەندروستی و تۆمارەکانی هاتنەناوەوە و دەرچوون لە دامەزراوەی تەندروستی.

**دووەم:** سەردانی مەیدانی دامەزراوەی تەندروستی بابەتی سکاڵا، یان ئەگەر سکاڵالێکراو لەم دامەزراوەیەدا کار بکات.

**سێیەم:** بانگهێشتکردنی ئەوەی لیژنە بە پێویستی دەزانێت ووتەکان و گەواهیدانی بنووسرێتەوە.

**چوارەم:** ڕاوێژکردن بە شارەزایان یان داواکردنی پێکهێنانی لیژنەی پزیشکیی زانستی، ئەویش بۆ مەبەستی ئاشنابوون.

**ماددەی (٨):**

ئەگەر لیژنەی لێکۆڵینەوە بە باشی زانی لیژنەی لاوەکی پێکبهێنێت، ئەوا پێویستە لەسەر ئەو لیژنە لاوەکییانە بەو ئەرکانە هەڵبستن کە پێی ڕادەسپێردرێن و ئەو ئەنجامانەی پێی دەگەن بۆ لیژنەی لێکۆڵینەوەی بەرز بکەنەوە.

**ماددەی (٩):**

ڕاسپاردەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە دوای پەسەندکردنی وەزیر دەبنە کۆتایی.

**ماددەی (١٠):**

ئەم پێڕەوە ئەو ماف و ئەرکانەی هێزەکانی کاری تەندروستی پێشێل ناکات کە بەپێی یاسا و پێڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان لە هەرێم هەیانە.

**ماددەی (١١):**

**یەکەم:** ئەم پێڕەوە ڕێگر نییە لە پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە بەپێی یاسای بەرزەفتەیی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ی بەرکار لە هەرێم یان ئەوەی جێگەی دەگرێتەوە.

**دووەم:** ئەم پێڕەوە ڕێگر نییە لە گرتنەبەری ڕێکاری هاتوو لە یاسای بەرزەفتەیی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراو دەرهەق بەوانەی سەرپێچی حوکمەکانی دەکەن.